# فیقهی ئاسان: پەرتووکی نوێژ: دەروازەی شەشەم: لە بارەی سوژدەی سەهو وتیلاوە وشوکرەوە

# الفقه الميسر: كتاب الصلاة: الباب السادس: في سجود السهو والتلاوة والشكر

< kurdish - كردي - کوردی >


دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء



وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# لە بارەی سوژدەی سەهو وتیلاوە وشوکرەوە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕیزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتەکانی نوێژ، دێینە خزمەت ئێوەی بەرێز، ئەمجارە بەیارمەتی خوا لە بارەی سوژدەی سەهو وتیلاوە وشوکرەوە، ئەم ووتارەتان پێشکەش دەکەین، کە شەش بابەتی لەخۆ گرتووە: بابەتی یەکەم: مەشروعیەتی سوژدەکانی سەهو وهۆکارەکانی، بابەتی دووەم: چی کاتێك سوژدەی سەهو واجب دەبێت، بابەتی سێهەم: چی کاتێك سوژدەی سەهو سوننەتە، بابەتی چوارەم: کاتی سوژدەی سەهو وشێوازەکەی، بابەتی پێنجەم: سوژدەکانی تیلاوە، بابەتی شەشەم: سوژدەکانی شوکر.

### بابەتی یەکەم: مەشروعیەتی سوژدەکانی سەهو وهۆکارەکانی:

مەبەست لە سوژدەی سەهو: ئەو سوژدەیەیە کە لەکۆتایی نوێژەوە دەبرێت بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەموکورتیە یان ئەو زیادەیە یان ئەو گومانەی لە نوێژدا دروست دەبێت و ڕوو دەدات.

سوژدەی سەهو کارێکی مەشروع و ڕێگا پێدراوە لە ئیسلامدا، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { إذا نسي أحدكم فليسجد سجدتين }[1]، واتا: ئەگەر هاتوو کەسێك لە ئێوە شتێکی لەبیر چوو لە نوێژدا ئەوا با دوو سوژدە بەرێت، - مەبەست لەبیرچوونی واجبێکە لە واجبەکانی ناو نوێژ، نەك ڕوکنی نوێژ، چونکە ڕوکن وازلێهێنان ونەگەڕانەوە بۆی بە سوژدە جێگای پڕ نابێتەوە - .

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) خۆی بۆ خۆی سوژدەی سەهوی بردووە، وەك لەمەودوا باسی لێوە دەکەین .

هەروەها زانایان کۆدەنگن لەسەر مەشروعیەتی سوژدەی سەهو .

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (572) ڕیوایەتی کردووە .

هۆكارەكانی سوژدەی سەهو بریتین لە سێ هۆكار، كردنی كارێكی زیادە، یان نەكردنی واجبێك، یان بوونی گومان و دوو دڵی .

### بابەتی دووەم: چی كاتێك سوژدەی سەهو واجب دەبێت؟

سوژدەی سەهو واجب دەبێت كاتێك یەكێك لەم شتانە ڕوو بدات:

1- ئەگەر هاتوو یەكێك لە كارەكانی ناو نوێژی بەزیادەوە ئەنجامدا، وەك ئەوەی كڕنوشێك یان سوژدەیەك یان هەڵسانەوەیەك یان دانیشتنێكی بەزیاد ئەنجامدا، ئەگەر ئەو دانیشتنە بە ئەندازەی دانیشتنێكی پشووی نێوان سوژدەكانیش بێت، بە بەڵگەی ئەو ڕیوایەتەی كە عەبدوڵڵاكی كوڕی مەسعود (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی كردووە ودەڵێت: { صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خَمْسًا، فَلَمَّا انْفَتَلَ من الصَّلاة تَوَشْوَشَ الْقَوْمُ بَيْنَهُمْ، فَقَالَ: " مَا شَأْنُكُمْ ؟ " قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَلْ زِيدَ فِي الصَّلَاةِ شيء ؟ قَالَ: " لَا " قَالُوا: فَإِنَّكَ قَدْ صَلَّيْتَ خَمْسًا، فَانْفَتَلَ فَسَجَدَ سَجْدَتَيْنِ، ثُمَّ سَلَّمَ، ثُمَّ قَالَ: " إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مثلكم أَنْسَى كَمَا تَنْسَوْنَ، فإذا نسي أحدكم فليسجد سجدتين }[1]، واتا: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) پێنج ڕكات نوێژی بۆ كردین، جا كاتێك لەنوێژ بویەوە، خەڵكی لەنێو خۆیاندا بوو بە گرمژ گرمژیان، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) پێی فەرموون: ئەوە چیتانە؟ ووتیان: پێغەمبەری خوا ئایا نوێژ هیچی بۆ زیاد كراوە؟ ئەویش فەرمووی: نەخێر، ووتیان: تۆ پێنج ڕكات نوێژت بۆ كردین، ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ڕووی لێ وەرگێران ورووی كردە قیبلە و دوو سوژدەی برد، پاشان سەلامی دایەوە، و پێی فەرموون: من وەك ئێوە مرۆڤم، وەك ئێوەش شتم لەبیر دەچێت، جا بۆیە كاتێك یەكێك لە ئێوە شتێكی لە نوێژ لەبیر چوو، با دوو سوژدە ببات.

جا بۆیە ئەگەر لەناو نوێژدا زانی كە ڕێكاتێك ئان شتێكی زیادی ئەنجامداوە، ئەوا واجبە ئەو كاتەی پێ دەزانێت دابنشێت وبەردەوام نەبێت لە ئەنجامدانی زیادەكەی، تەنانەت ئەگەر بێتو لەكاتی كڕنوش بردنیشدا بێت، چونكە ئەگەر هاتوو بەردەوام بوو لە ئەنجامدانی ئەو زیادەیە و پێشزانێت كە زیادە ئەنجام دەدات، ئەوا بەدەست ئەنقصەد شتێكی لە نوێژ زیاد كردووە، بێگومان ئەمەش كارێكی دروست نیە.

---

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (572) ڕیوایەتی كردووە .

2- یان ئەگەر هاتوو پێش تەواو کردنی نوێژەکەی سلامی دایەوە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە عیمرانی کوڕی حوصەین ڕیوایەتی کردووە و دەڵێت: { سلم رسول الله صلى الله عليه وسلم في ثلاث ركعات، من العصر، ثم قام فدخل الحجرة»، فقام رجل بسيط اليدين، فقال: أَقَصُرَتِ الصلاة يا رسول الله؟ «فخرج مغضبا، فصلى الركعة التي كان ترك، ثم سلم، ثم سجد سجدتي السهو، ثم سلم } [1]، واتا: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە نوێژی عەسردا سێ ڕکات نوێژی بۆ کرین وسەلامی دایەوە، وپاشان هەستایەوە و چوویە حوجرەکەیەوە، پیاوێکی دەست درێژیش هەستایەوە و پێی ووت: ئایا نوێژ کورت کراوەتەوە؟ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بە تووڕەییەوە هاتە دەرەوە ئەو ڕکاتە نوێژەی کردەوە کە لەبیری چوو بوو، پاشان سەلامی دایەوە، ودواتر دوو سوژدەی سەهوی برد و ئەمجا سەلامی دایەوە.

3- یان ئەگەر هاتوو لەکاتی خوێندنی فاتحەدا بە نەزانین و سەهو وە بەشێوازێکی نارێك قورئانەکەی خوێند بە شێوەیەك ماناکەی تێك دەدا، چونکە ئەگەر بە دەست ئەنقەصد بێت ئەوا نوێژەکەی بەتاڵ دەکاتەوە، لەم کاتەدا ئەگەر بە نەزانین و سەهو بوو، پێش سەلامدانەوە دوو سوژدەی سەهو لەسەری واجب دەبێت.

4- یان ئەگەر هاتوو واجبێکی ناو نوێژەکەی بە نەزانین واز لێهێنا، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئیبن بوحەینە ( خوای لێ ڕازی بێت ) گێراویەتیەوە، ودەڵێت: { صلى لنا رسول الله صلى الله عليه وسلم ركعتين من بعض الصلوات، ثم قام فلم يجلس، فقام الناس معه، فلما قضى صلاته، ونظرنا تسليمه كبر، فسجد سجدتين وهو جالس، قبل التسليم، ثم سلم } [2]، واتا: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە هەندێك نوێژەکاندا دوو ڕکاتی بۆ کردین، پاشان هەستایەوە ودانەنیشت، - مەبەست لەوەیە کە دانەنیشت بۆ خوێندنی تەحیات – خەڵکەکەش لەگەڵیدا هەستانەوە، جا کاتێك کە نوێژەکەی تەواو کرد، چاوەڕوانی سەلامدانەوەکەیمان کرد، تەکبیرێکی کرد، وکاتێك دانیشتبوو دوو سوژدەی برد پێش سەلامدانەوە، پاشان سەلامی دایەوە .

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (574) ڕیوایەتی کردووە .

(2) بوخاری وموسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1230) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (570) ڕیوایەتیان کردووە.

ئەم بەسەرهاتە باس لەوە دەكات كەسێك ئەگەر هاتوو تەحیاتی یەكەمی نەخوێند، بۆیە تەواوی واجبەكانی تریش قیاس دەكرێتە سەری، وەك تەرك كردنی تەسبیح لە كڕنوش و سوژدەدا، یان لەبیری بچێت لە نێوان سوژدەكاندا بڵێ: **رب اغفر لی**، یان لەبیری بچێت ( الله أكبر ) ی نێوان ڕوكن و واجبەكان بڵێت.

5- سوژدەی سەهو واجب دەبێت كاتێك كە نوێژخوێن گومانی هەبوو لە ژمارەی ئەو ڕكاتانەی كردوونی، بەشێوەیەك لەناو نوێژەكەیدا نەیدەزانی چەند ڕكاتی كردووە، چونكە بەشێك لە نوێژەكەی كردووە و دوو دڵە لەوەی تەواو ئەنجامی داوە یان زیادی كردووە، ئەمەش بووەتە لاواز بوونی نیەتەكەی، بۆ قەرەبوو كردنەوەی ئەم گومان و دوو دڵیە پێویست بەوە دەكات سوژدەی سەهوی بۆ بەرێت، ئەوەیش بە بەڵگەی گشتگیری ئەو فەرموودەیەی كە ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) گێڕاویەتیەوە ودەڵێت: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { إن أحدكم، إذا قام يصلي جاءه الشيطان فلبس عليه، حتى لا يدري كم صلى، فإذا وجد ذلك أحدكم، فليسجد سجدتين وهو جالس }[1]، واتا: ئەگەر یەكێك لە ئێوە هەستایەوە و نوێژی كرد، و شەیتان هاتوو لێی تێكدا، ونەیزانی چەندێك نوێژی كردووە، جا ئەگەر هەر كەس لە ئێوە شتێكی وای لێ ڕوودا، ئەوا با بە دانیشتنەوە دوو سوژدە بەرێت.

ئەو كەسە لەم حاڵەتەدا لە نێوان دوو شتدایە، یان ئەوەتانێ دوو دڵە و نازانێ بە دڵنیایی كامیانی كردووە، لەم كاتەدا دەبێت نوێژخوێن نوێژەكەی لەسەر ئەوە بنیات بنێت كەمەكەیانی كردووە- واتا: ئەگەر دوو دڵ بوو لە نێوان ئەوەی سێ ڕكاتی كردووە یان چوار، دەبێت وادابنێت كە سێ ڕكاتی كرووە و هەڵبسێتەوە ڕكاتێكی تر بكات – و پاشان پێش سەلامدانەوە دوو سوژدە ببات، ئەوەیش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { إذا شك أحدكم في صلاته، فلم يدر كم صلى ثلاثا أم أربعا، فليطرح الشك وليبن على ما استيقن، ثم يسجد سجدتين قبل أن يسلم، فإن كان صلى خمسا شفعن له صلاته، وإن كان صلى إتماما لأربع كانتا ترغيما للشيطان }[2]، واتا: ئەگەر هەر یەكێك لە ئێوە گومانی

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1231) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (389) ڕیوایەتیان كردووە.

(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (571) ڕیوایەتی كردووە .

هەبوو لە نوێژەکەی، نەیزانی چەند ڕکاتی کردووە، سێ ڕکات یان چوار ڕکات، ئەوا با گومانەکەی وەلاوەخات ولەسەر دڵنیایی نوێژەکەی بنیات بنێت، و پاشان پێش سەلامدانەوە با دوو سوژدە ببات، ئەگەر هاتوو پێنج ڕکاتی کرد ئەوا نوێژەکەی دەبێتە تکاکار بۆی، خۆ ئەگەر هاتوو بەو ڕکاتە چوار ڕکاتەکەی تەواو کرد، ئەوا لوتی شەیاتنی پێ لە خۆڵ وخاك دەدات.

بەڵام ئەگەر هاتوو گومانی زۆری وابوو، وە دڵی بەلایەکیاندا دەکەوت، ئەوا لەسەر ئەو گومانە زۆرەی نوێژەکەی بنیات دەنێت، و کاری پێ دەکات، وە پاشان دوو سوژدەی سەهو دەبات، ئەوەش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە بارەی ئەو کەسەوە کە گومان و دوو دڵی هەبوو لە نوێژەکەی، فەرموویەتی : { إنه لو حدث في الصلاة شيء أنبأتكم به، ولكن إنما أنا بشر أنسى كما تنسون، فإذا نسيت فذكروني، وإذا شك أحدكم في صلاته فليتحر الصواب، فليتم عليه، ثم ليسجد سجدتين } [1] ، واتا: ئەگەر هاتوو گۆڕانکاریەك هات بەسەر نوێژدا لەڕیگای وەحیەوە، ئەوا هەواڵتان پێدەدەم، بەڵام دەزانن منیش وەك ئیوە مرۆڤم، وەك چۆن ئیوە شتان لەبیر دەچێتەوە منیش شتم لەبیر دەچێتەوە، جا ئەگەر هاتوو شتێکم لەبیر چوو بیرم بخەنەوە، وە ئەگەر هاتوو کەسێك لە ئێوە گومانی بۆ دروست بوو لە نوێژەکەی، با بەشوێن ئەوە بگەڕێت کە گومانی باشی بەچی لایەکدا دەچێت، - ئایا سێ ڕکاتی کردووە یان چوار، جا ئەگەر گومانی زۆر وابوو سێ ڕکاتی کردووە ئەوا با بیکات بەچوار – و پاشان دوو سوژدە بەرێت.

**بابەتی سێهەم: چی کاتێک سوژدەی سەهو سوننەتە:**

سوننەتە کاتێك سوژدەی سەهو ببرێت کە نوێژ خوێن بە نەزانین گوفتارێکی مەشروع ورێگا پێدراوی لە غەیری شوێنی خۆیدا ووت، وەك ئەوەی لە کاتی کڕنوش وسوژدە بردندا قورئان بخوێنێت، یان لەکاتێك بە پێوەیە تەحیات بخوێنێت، لەگەڵ ئەوەی کاتێك بیری کەوتەوە دەبێت ووتە وگوفتارە مەشروع ورێگا پێدراوەکە بڵێت، وەك ئەوەی لەکاتی کڕنوشدا قورئانی خوێند لەگەڵ ووتنی ( سبحان ربي العظيم ) سوننەت پێش سەلامدانەوە دوو سوژدەی سەهو ببات، ئەویش بە بەڵگەی گشتگیری ئەو

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (471) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (572) ڕیوایەتیان کردووە.

فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی: { إذا نسي أحدكم فليسجد سجدتين }[1]، واتا: ئەگەر کەسێك لە ئێوە شتێکی لە نوێژدا لەبیر چوو، با دوو سوژدە بەرێت.

**بابەتی چوارەم: کاتی سوژدەی سەهو  وشێوازەکەی:**

1- کاتی سوژدەی سەهو: گومانی تێدا نیە ئەو فەرموودانەی لەبارەی شوێنی سوژدەی سەهووەوە هاتوون دوو بەشن:

بەشێکیان بەڵگەن لەسەر مەشروعەیتی سوژدەی سەهو پێش سەلامدانەوە، و بەشەکەی تری بەڵگەن لەسەر مەشروعیەتی لە دوای سەلامدانەوە، بۆیە هەندێك لە لێکۆڵەرەوەکان ووتویانە: نوێژ خوێن سەرپشکە ئەگەر وویستی دەتوانێت پێش سەلامدانەوە سوژدەی سەهو ببات، وە دەشتوانێت دوای سەلامدانەوە بیبات، چونکە فەرموودەکان بەهەردوو جۆرەکە هاتوون، بۆیە ئەگەر هاتوو بۆ هەمووی پێش سەلامدانەوە یان دوای سەلامدانەوە سوژدەی سەهوی برد دروستە وهیچ گرفت نیە، لەم بارەیەشەوە (زوهری) ووتویەتی: کۆتا جار لە لەو دوو جۆرە، ئەوە جێگیر بوو کە سوژدەی سەهو پێش سەلامدانەوەیە.

2- شێوازی بردنی سوژدەی سەهو: وەك سوژدەی نوێژ، ئەویش دوو سوژدەیە، بۆ هەموو سوژدە وبەرز بوونەوەیەك لێ ( اللە أكبر ) یان بۆ دەکات، پاشان سەلام دەداتەوە، هەندێك لە زانایانیش ڕایان وایە: ئەگەر هاتوو لە دوای سەلامدانەوە سوژدەی سەهوی برد ئەوا تەحیات دەخوێنێت بۆی، ئەویش بەو بەڵگەیەی کە سێ فەرموودە لە پێغەمبەری خواوە ( صلی اللە علیە وسلم ) لەو بارەیەوە وارد بووە بەکۆی هەموویان دەگەنە ئاستی حەسەن، وەك حافظ ابن حەجەر ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) باسی کردووە.

**بابەتی پێنجەم: سوژدەکانی تیلاوە(سوژدەی قورئانخوێندن):**

1- مەشروعیەتی سوژدەی تیلاوە وحوکمەکەی: سوژدەی تیلاوە (سوژدەی قورئانخوێندن) کارێکی مەشروع وڕێگا پێدراوە لەکاتی گەیشتن بە خوێندنی ئەو ئایەتانەی کە سوژدەیان تێدایە، یان لەکاتی گوێبیست بوونی ئەو ئایەتانە.

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (572) ڕیوایەتی کردووە .

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت: { كان النبي (صلى الله عليه وسلم) يقرأ علينا السورة، فيها السجدة فيسجد ونسجد، حتى ما يجد أحدنا موضع لجبهته }[1]، واتا: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەو سورەتەی خوێندەوە بەسەرماندا کە سوژدەی تێدایە، ئەو سوژدەی برد وئێمەش بردمان، تاوەکو وای لێهات هیچ کەس لە ئێمە جێگای سوژدە بردنی بۆ نەمایەوە – مەبەست لێی هێندە خەڵکەکە زۆر بوو جێگاکەش تەنگ بوو بەشی هەموانی نەکرد کە سوژدە ببەن -.

بێگومان ڕای ڕاست ودروست ئەوەیە سوژدە بردنی قورئانخوێندن سوننەتە نەك واجب، چونکە زەیدی کوڕی ثابت ( خوای لێ ڕازی بێت ) سورەتی ( والنجم ) ی بەسەر پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) خوێندەوە و سوژدەی سەهویشی نەبرد[2]، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە واجب نیە.

سوژدەی تیلاوە (سوژدەی قورئانخوێندن) بۆ قورئانخوێن و گوێگرەکەشی کارێکی مەشروع وڕێگا پێدراوە، ئەگەر لەناو نوێژدا بێت یان لەدەرەوەی نوێژیش بێت، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کاتێك بگەشتایەتە ئەو ئایەتەی سوژدەی تێدایە سوژدەی دەبرد، وە هەروەها هاوەڵانی بەڕێزیش ( خوایان لێ ڕازی بێت ) هەر وایان کردووە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردبوو، بەڵگەش لەسەر مەشروعیەتی (سوژدەی قورئانخوێندن) لەناو نوێژدا ئەو فەرموودەیەیە کە هەردوو پێشەوایان بوخاری و موسلیم لە ئەبو ڕافعەوە ڕیوایەتیان کردووە کە وتویەتی : { صليت مع أبي هريرة العتمة، فقرأ (إذا السماء انشقت) فسجد، فقلت: ما هذه؟ قال: سجدت بها خلف أبا القاسم ( صلى الله عليه وسلم )، فلا أزال أسجد فيها حتى ألقاه }[3]، واتا: لەگەڵ ئەبو هورەیرەدا نوێژی عیشام کرد، وسورەتی (إذا السماء انشقت) خوێند و سوژدەی برد، منیش ووتم: ئەمە چیە؟ لەوەڵامدا ووتی: لە دوای پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نوێژم کرد وسوژدەی برد و منیش سوژدەم برد، بەردەوامیش سوژدەی تێدا دەبەم تا دەگەمە پێی.

---

(1) بوخاری موسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1076) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (575) ڕیوایەتیان کردووە.

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1073) ڕیوایەتی کردووە .

(3) بوخاری موسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1078) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (578) ڕیوایەتیان کردووە، و لەفزەکەش لەفزی پێشەوا موسلیمە.

جا ئەگەر هاتوو قورئانخوێن خۆی سوژدەی نەبرد، ئەوا گوێگریش سوژدە نابات، چونکە گوێگر شوێنکەوتەی قورئانخوێنەکەیە، ئەویش بە بەڵگەی فەرموودەکەی زەیدی کوڕی ثابت کاتێك سورەتی (النجم) ی خوێند و سوژدەی نەبرد، بۆیە پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) کە گوێی لێ دەگرت ئەویش سوژدەی نەبرد.

2- فەزڵی(سوژدەی قورئانخوێندن): ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە ( صلى الله عليه وسلم ) کە فەرموویەتی: { إذا قرأ ابن آدم السجدة فسجد اعتزل الشيطان يبكي، يقول: يا ويله – وفي رواية أبي كريب: يا ويلي – أمر ابن آدم بالسجود فسجد فله الجنة، وأمرت بالسجود فأبيت فلي النار } [1]، واتا: کاتێك بەنی ئادەم کە سوژدەی ناو قورئان دەخوێنێت وسوژدەبات شەیتان پشت هەڵدەکات ودەگریەت، و دەڵێت: وای، لە ڕیوایەتەکەی ئەبی کەریبدا هاتووە دەڵێت: وای بۆ من، فەرمانکرا بە بەنی ئادەم سوژدە بەرێت و سوژدەی برد وبەهەشتی بۆ هەیە، وە فەرمانکرا بە من سوژدە بەرم ونەمبرد ودۆزەخ جێگامە و بۆ منە.

3- شێواز چۆنیەتی (سوژدەی قورئانخوێندن): یەك سوژدەیە، ئەویش بەو شێوەیەیە سەرەتا ( الله أكبر ) دەکات وپاشان سوژدە دەبات، لەناو سوژدەکەیشدا هەروەك سوژدەی ناو نوێژ دەڵێت: { سبحان ربي الاعلى } ، هەروەها دەڵێت: { سبحانك اللّهُمَّ ربنا وبحمدك، الله اغفر لي } ، خۆ ئەگەر وتیشی: { سجد وجهي للذي خلقه، وشق سمعه وبصره بحوله وقوته } [2]، هیچ گرفت نیە.

4- جێگاکانی سوژدە بردن لە قورئاندا:

ئەو جێگایانەی سوژدەی تێدا دەبرێت لە قورئاندا پانزە جێگان، ئەویش بەشێوەیەکی یەك لەدوای یەك بەم شێوەیەیە:-

1- کۆتایی سورەتی الاعراف، ئایەتی ژمارە (206).

2- سورەتی الرعد ئایەتی ژمارە (15).

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (81) ڕیوایەتی کردووە .

(2) تیرمذی بە فەرموودەی ژمارە (585) ڕیوایەتی کردووە، وە تویەتی: فەرموودەیەکی حەسەن وصەحیحە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی: ( صحيح الترمذي ) فەرموودەی ژمارە (474).

3- سورەتی النحل ئایەتی ژمارە (49-50).

4- سورەتی الاسراء ئایەتی ژمارە (107-109).

5- سورەتی مریم ئایەتی ژمارە (58).

6- سەرەتای سورەتی الحج ئایەتی ژمارە (18).

7- کۆتایی سورەتی الحج ئایەتی ژمارە (77).

8- سورەتی الفرقان ئایەتی ژمارە (73).

9- سورەتی النمل ئایەتی ژمارە (25-26).

10- سورەتی السجده ئایەتی ژمارە (15).

11- سورەتی فصلت ئایەتی ژمارە (37-38).

12- کۆتایی سورەتی النجم ئایەتی ژمارە (62).

13- سورەتی الانشقاق ئایەتی ژمارە (20-21).

14- کۆتایی سورەتی العلق ئایەتی ژمارە (19).

15- سوژدەی سورەتی ( ص ) کە سوژدەی شوکرە، چونکە عەبدوڵڵای کوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) دەڵێت: { لیست ( ص ) من عزائم السجود، وقد رأيت النبي ( صلى الله عليه وسلم ) سيجد فيها } [1]، واتا: سوژدەی سورەتی ( ص ) لە سوژدە تەئکید لەسەر کراوەکان وسوژدەی تیلاوە نیە - بەڵکو سوژدەی شوکرە - من پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بینی کە سوژدەی تێدا برد.

**بابەتی شەشەم: سوژدەکانی شوکر:**

سوننەتە ئەو کەسەی کە نیعمەتێکی پێ دەگات، یان ناخۆشی وناسۆریەکی لەسەر لادەچێت، یان موژدەیەکی خۆشی پێ دەدرێت، گەردنی کەچ بکات وسوژدەیەك بۆ خوای گەورە ببات، ئەویش وەك شوێن پێهەڵگرتنی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )، ڕووکردنە قیبلەشی تێدا بەمەرج نەگیراوە، بەڵام ئەگەر ڕوو بکاتە قیبلە باشترە.

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1069) ڕیوایەتی کردووە.

پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم ) هەر بەو شێوەیەی دەکرد، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەبی بەکرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە ودەڵێت: { أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) كان إذا أتاه أمرا يسره- أو يسر به – خر ساجدا شكرا لله تبارك وتعالى } [1]، واتا: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هەرکاتێك کارێکی دڵخۆش کەری بۆ بهاتایە، یان پێی دڵخۆش ببوایە، ئەوا وەك سوپاس و شوکرێك بۆ خوای گەورە گەردنی کەچ دەکرد وسوژدەی بۆ خوای بەرز وبڵند وپیرۆز دەبرد.

هەروەها هاوەڵانی بەڕێزیش ( خوای گەورە لێیان ڕازی بێت ) هەر بەو شێوەیەان دەکرد.

حوکمی ئەم سوژدەیەش هەمان حوکمی سوژدەی قورئانخوێندنی هەیە، -کە سوننەتە - هەروەها شێواز وچۆنیەتیەکەشی هەر وەك ئەوە وایە.

[ لەخوای گەورە و میهرەبان داواکارین لەو کەسانەمان بگێڕێت کە گەردنکەچی بڕیار و فەرمانەکانی ئەون، وە هەرگیز ڕوومان لە قیبلە وەرنەچەرخێنێت، وهەمیشە شوکرانە بژێری ناز ونیعمەتەکانی خوا بین] وەرگێڕ

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

(1) تیرمذی بە فەرموودەی ژمارە (585) ڕیوایەتی کردووە، وە توویەتی: فەرموودەیەکی حەسەن وصەحیحە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی: ( صحيح الترمذي ) فەرموودەی ژمارە (474).